# سیمیۆلۆژیایی ناونیشان و بەرگ لە ڕۆمانی "ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکاندا" ی حسێن سۆران

د. شنو احمد غفور
جامعة كركوك – كلية التربية للعلوم الإنسانية
Email : shnoahmed@uokirkuk.edu.iq

## المقدمة

### بەشی یەکەم: سیمیۆلۆژیا...چەمک و سەرهەڵدان

١-١ : چەمک و پێناسەی سیمیۆلۆژیا

هێما کەرەســـتەیەکی تایبەت و ســـەرەکی ســـیمیۆلۆژییە یاخود ســـیمۆتیکە، هێما گوزارشـت لە شـتێک دەکات و لە حەقیقەتدا ئەو شـتە خۆی نییە، چونکە هەر هێمایەک دوو ڕوو لە خۆدەگرێت (شـــێوە و واتا ) کە هەندێـک جار پێچەوانەی یەکن. بـابەتی سیمیۆلۆژیا لە چوارچێوەی سیمانتیکدا خۆی دەبینێتەوە و وەکو نیشانە بۆ لە یەکتر گەیشتن تەوزیف دەکرێت.

سیمیۆلۆژیا زانستی نیشـانە، یاخود زانستی ئاماژە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا وشـەی ( سـیمولوجیا، سـیموطیقا، سـیمیائي) بۆ بەکار دێت و هەموویان لە وشـەی (semeion) یۆنانییەوە هاتوون، کە مانای هێما دەگەێنن. (ســۆســێر) ســـیمیۆلۆژیایی بە زانســـتێک پێناسـەکرد ((کە لە نیشـانەکانی ناو کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، ئەرکی ئاشکراکردنی ئەو هۆکار و مەرجانەیە کە دەبنە هۆی ســـەرهەڵدانی هێماکان و دیاریکردنی ئەو یاســـایانەی، کە ملکەچین))(١). کەواتە بە پێی پێناسـەکەی سۆسێر زمان سیستەمێکی نیشانەیە. سۆسێر بە دوای هۆکارەکانی دروستبوونی سیمیۆلۆژیادا دەگەڕا و وەکو زانستێک تێدەڕوانی، کە لە هێماکان دەکۆڵێتەوە.

ســـیمیۆلۆژیا وەکو میتۆدێ لە هەوڵی ئەوەدایە خوێندنەوەی کراوە بۆ دەق بکات، واتا میتۆدێکە ئاسـۆی پێشـبینی وەرگری بەلاوە گرنگە ((بە مەبەسـتی گەڕان بە دوای نەسـەقی شـــاراوەی پشـــت ئاماژەکان، یاخود ســـیســـتەمە دەلالییەکانی کۆد و نیشـــانەکان وەک ئارەزوویەکیش بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی واتا، جڵەویان بۆ ئازادی خوێندنەوە شـــلکرد))(٢). ئەم میتۆدە دەقی لە ســیســتەمی داخراوی ڕزگارکرد و وا ڕوانییە دەق، کە هەڵگری چەند شـــێوەیە و هەر شـــێوەیەک چەند واتایەک هەڵدەگرێت و بە پێی ئاســـۆی هزری خوێنەرەکان دەگۆڕێت .

(پێرس) یەکێکی تر بوو لەو بیرمەندانەی بایەخی زۆری بە بابەتی ســیمیۆلۆژیا داوە و توێژەران پێیان وایە ســـیمیۆلۆژیا وەکو زانســـتێک لەگەڵ (پێرس)دا دەســـتیپێکردووە و ســـــیمیۆلۆژیایی پێرس بریتییە لەوەی کە (( واتا لە دەرەوەی زماندا نییە، بەڵکو لە خودی پرۆســـەی پەیوەندی و پرۆســـەی گوتن و پرۆســـەی بەرهەمهێناندایە، واتا لەیەک کاتدا ســـــیمۆتیکای نواندن و پەیوەندی و دەلالەتە))(٣). پێرس پێی وابوو بوونی واتا بەندە بە زمانەوە، هەموو شـــتێک لە دەرەوەی زمان واتای نییە. ( ڕۆلان بارت) بە هەمان شـــێوە یەکێکی تر بوو لەوانەی جەختی لە واتا دەرکردەوە و پێچەوانەی سۆسێر بوو، پێی وابوو (( لیســـــانیات لقێکی دیار نییە لە زانســـــتی دەلالەکان، بەڵکو ســـــیمۆلۆجیا لقێکە لە لســـــانیات...یەکێک لەو توانایانەی لە ئەدەبدا هەیە، توانا ســـیمیۆلۆجییەکەیەتی، توانای گەمەی دەلالەتەکانە نەک لەباربردنیان))(٤).

کاتیک زاراوەی ســـیمیۆلۆژیاکانمان دێتە پێش، ئەوە مانای وایە ســـیمیۆلۆژیا چەندین ئاراستەی هەیە وەکو: ((سـیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردن، کە ڕابەرانی بریتین لە : بۆیسـنس ، پریتۆ، ســـــیمیۆلۆژیـای دەلالـەت، کە ڕۆلان بـارت ڕابەرایەتی دەکرد و ســـــوودی لە دالە نازمانییەکان بینیووە، ســـیمیۆلۆژیای ڕۆشـــنبیری، کە بۆ ئیکۆ دەگەڕێتەوە، ســـیمیۆلۆژیای گێڕانـەوە کە گریماس خاوەنـەکەیتی، ســــیمیۆلۆژیای ناونیشـــان))(٥). ئەوەی ئێمە لێرەدا جەختی دەخەینە سەر سیمیۆلۆژیای ناونیشانە.

لە میتۆدی ڕەخنەی ســـــیمیۆلۆژیدا، مەرج نییە نیشـــانەکان تەنیا زمانی بن، بەڵکو نیشانەکانی دەرەوەی زمانیش دەگرێتەوە، کە بە بنەماکانی نیشانەوە پەیوەستن، وەک ( وێنە

و بۆن و بەرکەوتن و ...هتد) . کەواتە سـیمیۆلۆژیا وەکو زانسـت بایەخ بە توێژینەوە دەربارەی هێماکان لە ڕووی چۆنییەتی و شێوە و تایبەتمەندییەوە دەدات.

١–٢ : مێژووی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا

مێژووی دەرکەوتنی سـیمیۆلۆژیا لە ئەوروپا و جیهانی عەرەبیدا بە پێی سـەردەمەکان گۆڕاوە و بۆچوونی جیاواز لە بارەی دەرکەوتنیانەوە هەیە. هەندێک لە توێژەران ڕیشـەکەی بۆ یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێننەوە، واتە بۆ (( ئەفلاتۆن، ئەرسـتۆ، سـۆفیسـتاییەکان، ڕەواقییەکان، گرامەرییەکان))(٦). هەندێکی تر پێیان وایە سیمیۆلۆژیا زانستێکە (( چووەتە قووڵایی هزری یۆنانی کۆن و ئەفلاتوون و ئەرستۆ بایەخیان بە تیۆرەکە داوە، دیارە نیشانە لە هزری یۆنانیدا، مانای نیشانەیەکە لە نیشانەکانی نەخۆشـی، بۆیە ئەم زانستە لە کۆندا پەیوەندی بە پزیشکییەوە هەبووە))(٧).

سـەبارەت بە سـەرهەڵدان و دەرکەوتنی سـیمیۆلۆژیا وەک زانسـت لێکۆڵەران ڕای جیاوازیان هەیە (( یەکەم لێکۆڵەر کە زاراوەی سـیمیۆلۆژیای پێشـکەشـکرد، جۆن لۆکی فەیلەسـوف بوو، بەڵام توێژینەوەی سـیمیۆلۆژیا لە سـەردەمی ئەودا فەلسـەفەکەی لە چوارچێوەی تیۆری گشـتی زماندا تێپەڕی نەکردبوو))(٨). بەڵام زۆربەی توێژەران پێیان وایە سـیمیۆلۆژیا لەگەڵ زانای نەمسـایی (دی سـۆسـێر) دەسـتی پێکردووە، کە لە وتارە زمانەوانییەکانیدا پێشـبینی سـەرهەڵدانی زانسـتێکی نوێ کرد، کە تایبەتە بە توێژینەوە لە نیشانەکان، هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئەم زانستە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی (پێرس)هاتووەتە ئاراوە و زۆر گرنگی بە سـیمیۆلۆژیا دا. (( لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا دوو بیرمەند لە دوو پسپۆڕی جیاواز پەیوەندییەکی تازەیان لە نێوان نیشانە و زانستدا سـازکرد، دی سۆسـێر لە لۆزانی پاریس و چارلس پێرس لە زانکۆی شـیکاگۆ، بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی تازەیان بۆ نیشـانەکان دامەزراند و ڕایان گەیاند کە مەسـەلەی مەعریفە پەیوەسـتە بە ناسـینی ڕەگەزەکانی زمان، زمانیش شـتێک نییە جگە لە کۆمەڵە نیشانەیەکی ڕێکخراو))(٩) . ئاراستەی توێژینەوەکانی ئەو دوو زانایە لەیەکتر جیاواز بوو، (سۆسـێر ) هەوڵی ئەوەی داوە پەیوەندییکردنەکە لەسـەر بناغەی نیشـانەکان لێکبداتەوە، بەڵام بە بۆچوونی پێرس (( گەشـەکردن و بەرفراوانبوونی سـیسـتەمە زمانییەکان ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە بەدەستهێنان و تێگەیشتنی مەعریفی، سیمیۆلۆژیای پێرس زیاتر مامەڵە

لەگەڵ وەسفکردنی دەلالەتەکان و کولتوور دەکات))(١٠). بەم شێوەیە سیمیۆلۆژیا زەمینە و بناغەی گەشەکردن و بەرفراوانبوونی هەر جۆرە شیکردنەوەیەک بوو بۆ کەلتوور .

بەشی دووەم : سیمیۆلۆژیایی ناونیشان و بەرگ لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شەیتانەکاندا) :

١–١: سیمیۆلۆژیایی ناونیشان:

لە زمانانی جیهاندا ناونیشان بە وشە و زاراوەی جیاواز خراوەتەڕوو، ئەمەش لەوەوە هاتووە، کە لە هەموو زمانێکدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. ناونیشان هیچی لە ڕەگەزەکانی تری دەقە ئەدەبییەکان کەمتر نییە و لە نێو کایەیی نووسیندا گرنگی تایبەتی هەیە .

ناونیشان لە بواری سیمیۆلۆژیادا زۆر جێگەی بایەخە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناونیشان پێکهاتەیەکی نیشانەیی هەیە و دەرخەری هەموو هێما و نیشانە نادیارەکانە.

(ئەمبێرتۆ ئیکۆ) لە بارەی ناونیشانەوە دەڵێت : (( نیوەی تێکستەکە لە ناونیشان دایە و کلیلی ڕاڤەکارییە بۆ تێکست، بەڵام بەلای بەشێکی تری ڕەخنەگرانەوە ناونیشان وەک سەری جەستەی دەق دێتە بەرچاو و ئەو کاتەش گرنگییەکەی دەردەکەوێت، کە گرێیەک لای خوێنەر دروست بکات تا ببێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بۆ لای دەقەکە ڕابکێشێت))(١١). هەروەها هەندێک لە توێژەران پێیان وایە ناکرێت لە ناونیشان تێبگەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ سیمیۆلۆژیا(( ناتوانین خوێندنەوەیەکی زانستیانە و بابەتییانەی ناونیشان بکەین، ئەگەر پشت بە سیمیۆلۆژیا نەبەستین))(١٢). هەر بۆیە دەرگای تێکستەکان بەوە دەکرێتەوە، کە بۆ یەکەمجار بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت، کە ئەویش ناونیشانە. لە تێکستی ئەدەبیدا ناونیشان (( سنووری فراوانتری داگیرکردووە و گەمەکانی لە ڕووبەری فراوانی نێوان واقیع و خەیاڵ و فەنتازیادا بەردەوام لە زیادبوون دایە))(١٣). بۆیە ناونیشان دەبێت سیمای هونەری و ئیستاتیکی تێدابێت و سەرنجڕاکێش بێت و بەهێز بێت، تاوەکو خوێنەر لە ڕێگەی ناونیشانەکەوە درک بە ناوەڕۆکەکە بکات .

ئەرکی سیمیۆلۆژیا لە کاری ئەدەبیدا (( گەڕانە ئەو مەرجە ناوەکیانەی، کە لە دەقدا یارمەتی بەرهەمهێنانی نیشانە دەدەن))( ١٤)، بۆیە نیشانەکان بزاوتێکی ئاڵۆزیان هەیە و

لە سـنووری باودا دەتوانن داهێنان بکەن، وەک ئەوەی (حسێن سۆران ) لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارەخوانی خودا و شـەیتانەکاندا )کردوویەتی و هەندێک جاریش سـنووره باوەکان تێکدەشـکێنێت و لە نیشـانەکاندا نیشـانەگەلێکی دیکە بەرهەم دێنن و تەنانەت دەتوانن وەک دژەباو دەربکەون.

کەواتە ناونیشـان : بریتییە لە کۆمەڵێک ژمارەی نیشـانەی زمانەوانی و پەیوەندی بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە هەیە و کلیلی کردنەوەی ئاماژەی دەقەکانە .

لە ڕۆمانی ( ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شـەیتانەکاندا ) دوو جۆر ناونیشـان هەیە، یەکێکیان ناونیشـانی سـەرەکییە، ئەوی تریش ناونیشـانە لاوەکییەکانی دەقەکەن، کە ئاماژەن بۆ بابەتەکانی نێو دەقەکە. لێرەدا بە وردی دەیانخەینەڕوو:

ناونیشانی سەرەکی : ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شەیتانەکاندا

بۆ ئاشکراکردنی مانا شاراوەکانی دەق و پێشکەشکردنی بە وەرگر ئەوە پێویستمان بە خوێندنەوەی ورد و هۆشـیارانە و یەدەگێکی تۆکمەی کولتووری و ئەدەبی و توانای شـیکردنەوە و هەڵوەشـاندنەوە هەیە لە پێناو دروسـتکردنی دەقێکی نوێدا، بۆ دروسـتبوونی ئەمەش دەبێت هاوکێشـەیەکی تەکنیکی بۆ بەرهەمهێنانی ئەدەبی لەبەرچاوبگرین، کە




بریتییە لە :

ئەم ناونیشـانە بە شـێوازێکی هونەری داڕێژراوە، لەڕووی پێکهاتەوە ناونیشـانێکی ناسادەیە، واتایەکی قووڵی هەیە، سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە پەیوەندییەکی واتایی هەیە لە نێوان ناونیشـان و ناوەڕۆکدا و بە زمانێکی خوازەیی داڕێژراوە، هەر لە

ناونیشـــاندا پەیوەندییەکی دژە دەلالی لە نێوان (خودا و شـــەیتاندا)خراوەتەڕوو. لەڕووی ڕاگەیاندنەوە نووسەر پەیامەکەی بەشێوەی ڕەخنە و سەرسوڕمان پێشکەشکردووە، باسی دوو هێزی دژبەیەک دەکات .

گەر سەیری ناونیشانەکە بکەین شێوازی نووسینەکەی دابەشی سێ بەش کراوە، (ئەنفال) کە بە ڕەنگی سپی و پیتی گەورە نووسراوە، ئاماژەیە بە گەورەیی تاوانەکە دەرهەق بە میللەتێکی پاک و بێگەرد، (ئێوارەخوان) بە پیتی بچووک نووســـراوە ئـامـاژەیە بۆ پێکەوەژیان، خوانەکانەکان دەلالەتە بۆ زیاتر بتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە، بەڵام بەعس پێکەوە ژیانی قبووڵ نەبوو، بۆیە ئەو ئێوارەخوانە پلاندانان بوو بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک. بەشـــی سـێیەمی ناونیشـانەکە( خودا و شـەیتانەکان) بەهەمان شـێوە بە پیتی بچووک نووسـراوە، دوو هێزی دژیەکە، کورد لەو نێوەندەدا بوو، بۆ تێگەیشـتن لەم ناونیشـانە و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکەی دوو ئاست لەبەرچاو دەگرین :

١-١- ئاستی فەرهەنگی :

لەڕووی فەرهەنگییەوە، کۆی ناونیشـانەکە بریتییە لە دوو (فرێزی ناویی) کە سـەرەی فرێزەی یەکەمیـان تەنهـا نـاوێکە و بریتییە لە نـاوی (ئەنفـال)، بۆیە فرێزەکە بەم نـاوە دەسـتپێدەکات چونکە ئەنفال بابەتی سـەرەکی باسـەکەیە، لە ڕسـتەسـازییدا و لە ڕسـتەی (باســـمەند)دا پێیدەوترێ (بەلوتکەکردن) واتە ئەو کەرەســـتەیەی کە بابەتی ســـەرەکی باسەکەیە دەکرێ بە لوتکەی ڕستە یان فرێزەکە.

فرێزی دووەمی کە فرێزێکی پێشـــناوییە پێکهاتووە لە پێشـــناوی (لە......دا) لەگەڵ فرێزێکی ناوی دیکە کە بریتە (ئێوارە خوانێکی خودا و شەیتانەکان).

ئێوارەخوان ناوێکی لێکدراوە و بووە بە ســـەرەی فرێزی دووەم، کە لەڕووی واتاییەوە هێمایە بۆ خواردن یان بەخۆراککردنی شتانێک، بەشێکی دیکەی فرێزەکە کە بە ناوبەندی (و) لەگەڵ بەشـــی پێشـــووی بەســـتراوەتەوە بریتییە لە خودا و شـــەیتانەکان، لێرەدا خودا ناوێکی تاکە، وەکو هێمایەک بۆ تاکێتی خودا، بەڵام شـــەیتانەکان ناوێکی کۆیە، وەکو هێمایەک بۆ زۆر بوون و جۆراوجۆر بوونی ئەو شـــەیتانانەی کە ڕۆڵ و بەرژەوەندییان لەگەڵ پرۆسەی ئەنفالدا هەبوو، ڕۆماننووس

دوو چەمکی دژ بەیەك تێکەڵ دەکات بۆ ئەوەی ململانێی ڕۆحی یان ئەخلاقی لە ڕۆمانەکەدا نیشـــان بدات، ئەوانەی ئەنفالیان ئەنجامدا شـــەیتانەکانی بەعس بوون ... ئەنفالیش لە شـــەڕی بدر دا غەنیمە بووە بۆ خوا و پێغەمبەر ... بۆیە ڕۆماننووس بیری لەوە کردووەتەوە لەیەك خوان کۆیان بکاتەوە.

١-٢- ئاستی دەلالی :

ئەنفال بۆ ئێمەی کورد بیرخەرەوەی ئازارێکی قوڵ و لەبننەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئاماژەی خودا و شـــەیتان دوو ئاماژەی ئاینین، کە بە هێما دەگەڕێتەوە بۆ ئەنفال کە ناوی سـورەتێکی قورئانە. ئێوارەخوان، هێمایە بۆ خواردن کە میللەتی کورد بە سـەر و ماڵەوە لە ئەنفالدا بوون بە خۆراکی ڕژێم، لە نێوان خودا و شـــەیتاندا واتە لە نێوان هێزی خێر و شـەڕدا، لە نێوان هەوڵی ئاشـتی و جەنگدا کورد بوو بە سـووتەمەنی، لەلایەکی تریشـەوە دەچێتە ناو کێشـــەیەکی وجودی قووڵەوە کە یەکێکە لە گرفتە بنەڕەتییەکان و ڕووبەڕووی ئـایینە ئیبراهیمییەکـان دەبێتەوە، کە ئـایـا بۆچی خودایەکی بەتوانـا و زانـا و چـاکەخواز لەئاست ئەو هەموو دڕندەگەراییەی سروشت و مرۆڤ بێدەنگ بوو.

کەواتە لەم ناونیشـانەوە خوێنەر زانیاری تەواوی دەسـت دەکەوێ. دەزانین ئەم ڕۆمانە لە بارەی ئازاری نەتەوەیەکەوەیە، کە بە دڕندانەترین شـێوە لەنێوبران، بەعسـییەکان هێزی ڕەشییان بەرانبەر کەسانی بێتاوان بەکارهێنا و جینۆسایدی بەکۆمەڵیان کرد.

جگە لەم ناونیشـانە سـەرەکییە، هاوکات دوو ناونیشـانی تر هەیە، کە هی بەشـی یەکەم و بەشـی دووەمە و چەندین ناونیشـان لە خۆدەگرن، واتە ڕۆمانەکە بەسـەر چەند بەشێک دابەشکراوە :

- مۆزەخانەی لۆڤەر و تابلۆی سەرنشینی تراکتۆرەکان
- کتێبی یەکەم : شاسوارەکەی غەرانیق العولا و دیزاینەری بتەکان

١- ئێسکەپەیکەری مناڵانی ئاورێشم

٢- گوندی ڕێواسانی شاعیر

٣- مەیخانەکەی ئوملغەزالی سەمرە جبوری

٤- دیزاینەری بتەکان لە پەرستگای حۆرێکان و حوجرەی فەقێکاندا

– کتێبی دووەم : پۆرترێتی مۆزسـیانی بەفر و خەونی ئەسـپە عەرەبییەکەی حەجاج تکریتی

١– جادووگەری کتێبخانەکەی ئێسکەپەیکەر

٢– سوهرابی مۆزسیانی بەفر و هەریاری نووسەری پایز

٣– هاونازی زانکۆ .. لە گەشتێکی ئاسمانی سەر هەور و ئەستێرەکاندا

٤– دواین دیداری حەجاج تکریتی و دڵداری مەلەک خاتوون

٥– ماهی کۆسار و شانشینی پیریاری مەزن

٦– ڕەشنوسی کچەکەی مێخەک لە یادەوەری چاخانەکەی بەفر

هەریەک لەم ناونیشـــانە لاوەکییانەش ئەرکی خۆیان هەیە، ئەمانیش یارمەتیدەری خوێنەرن بۆ پتر زانین، لێرەدا لەبەر زۆری ناونیشـــانە لاوەکییەکان ، تەنیا دوو دانەیان لێکدەدەینەوە.

یەکەم : شاسوارەکەی غەرانیق العولا و دیزاینەری بتەکان

١–١– ئاستی فەرهەنگی :

کۆی ناونیشــانەکە لە فرێزێکی ناویی درووســتبووە، کە پێکهاتەکەی لە بنەڕەتدا دوو فرێزە، یەکەمیان (شــاســوارەکەی غەرانیق العولا)یە، ســەرەی فرێزکە لە ناوی شــاســوار درووســتبووە، کە ڕەمزی ئازایەتییە، غەرانیق  ناوێکە بووەتە دەرخەری، کە ئاماژەی تێدایە بۆ ئەو چیرۆکەی  دراوەتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام.

بەشـــی دوووەمی فرێزەکە، کە لەگەڵ بەشـــی یەکەمیدا بە ئامرازی (و) پێکەوە بەستراونەتەوە، بریتییە لە  (دیزاینەری بتەکان) کە سەرەی فرێزکە ناوی بکەریی دیزاینەرە، ئاماژەیە بۆ درووســتکار و شــێوە پێبەخشــین و ڕازاندنەوەی شــتێک، ناوی (بتەکان)  کە ئاماژەیە بۆ بوونی زیاتر لە بتێک، چونکە ناوێکی کۆیە، هەروەها ناســـراویشـــە، وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی بتەکان ناســـراو و دیارن ئەوەش ڕوونە بت هێمای گەورەکردنی کەســـانێک یان شـــتانێکە، کە لەبنەڕەتدا پووچەڵ  بێدەســـەڵاتن، لە هەمان کاتدا زەین و هۆشی زۆرینە داگیردەکەن و جۆرێک لە پیرۆزییان پێ دەبەخشرێ.

١–٢– ئاستی دەلالی :

ئەم ناونیشـانە یەکێکە لە ناونیشـانە ئاڵۆزەکانی ئەم ڕۆمانە، هەڵگری مەدلولاتی زۆرە و دەرخەری کەسـایەتییەکی خوێنمژی جەلادە، کە هەموو شـتێک دەکات، تاوەکو بە مەرامی خۆی بگات. لە ناونیشـانەکەوە خوێنەر هەسـت بە نائارامی دەروونی دەکات، چونکە دەلالەتی وشەکان ئەوە دەگەێنن، کە پیلانگێڕی لە ئارادایە.

غەرانیق: کۆی غەرنەقە، کە باڵندەیەکی سـپی و مل درێژە، بێباوەڕان بڕوایان بەوە بوو، کە بتەکان لە خودا نزیکیان دەکەنەوە و شـەفاعەتیان بۆ دەکەن، بۆیە بە باڵندەکانی ئاسمانیان دەچواندن.

لە ڕەهەنـدە ئـاینییەکەوە ( غەرانیق) چیرۆکی پێغەمبەر(ص) لەگەڵ بێبـاوەڕان دەگێڕێتەوە، گوایە ئەو دەمەی پێغەمبەری ئیسـلام داوای لە بێباوەڕان کرد سـوجدە بەرن، شەیتان وەسوەسەی بۆ پێغەمبەر کرد، کاتێ سورەتی ( نەجم) ی خوێند و گەیشتە ئایەتی ( أفرأیتم اللات و العزی و المناة) شـەیتان لەسـەر زمانی پێغەمبەر وتی ( تلك الغرانیق العلی، وان شفاعتهن ترتضی )، بەمەش بێباوەڕان سوجدەیان لەگەڵ پێغەمبەر برد، گوایە پێغەمبەر بڕوای بە بتەکانی ئەوان هێناوە و بە باشـە ناوی بردوون. بەڵام بەشـی زۆری موفەسیرەکان ئەم چیرۆکە ڕەتدەکەنەوە.

لێرەدا ڕۆماننووس دەڵێت ( شاسوارەکەی)، کە مەبەست لێی سەرۆکی پێشووی عێراق ( سـەدام حوسـێن)ە، خۆی بە شـاسـواری لەناوبردنی میللەتێک دەزانی، گوایە ئەو دەمەی کوردی ئەنفال کرد، زیاتر لە خوا نزیک بوویەوە، چونکە ئەنفال لای (بەعسـییەکان) قوربانی بوو بۆ خوا و پێغەمبەر . بەمەش پلەی ئەو شـاسـوارە بەرزبوویەوە و توانی دڵی دەورووبەر و ئاینەکەشی لە خۆی ڕازیبکات. لەم ڕۆمانەدا ( سەدام) خودی شاسوارەکەی بەعسە، بەڵام ئەوەی دیزاینەر و تۆمارکەری داستانی نوگرەسەلمان بوو، ( حەجاج تکریتی و سەگەکانی)بوون .

دووەم : پۆرترێتی مۆزسیانی بەفر و خەونی ئەسپە عەرەبییەکەی حەجاج تکریتی

١- ١- ئاستی فەرهەنگی :

ئەم ناونیشـانە لە فرێزێکی ناوی فراوانکراو درووسـتبووە، بەشـی یەکەمی فرێزەکە (پۆرترێتی مۆزیسـیانی بەفر) کە سـەرەی فرێزەکە ناوی پۆرترێتە، پۆرترێت بە پەیکەرێک یان تابلۆیەک دەوترێ کە تەنها بەشەی سەرەوەی جەستەی کەسایەتییەک بێت، بۆ گەورە

پێشاندانی، هەروەها بە فرێزێکی دیکە دەرخراوە، کە مۆزسیانی بەفرە، ئەویش پێکهاتوە لە دوو ناو :

یەکەمیان ناوی بکەری مۆزیسـیانە، ئاماژەیە بۆ کەسـێکی هونەرمەند و ژەنیار، هەروەها بەفریش ئاماژەیە بۆ پاکێتی و زوو لەناوچوون و ساردیی.

بەشی دووەمی فرێزکە خەونی ئەسپەعەرەبییەکەی حەجاج تکریتییە، کە فرێزکە بە ناوی خەون دەستپێدەکات و ئاماژەیە بۆ بوونی خولیای بەدیهێنانی ئامانجی گەورە، ئەسپی عەرەبیی فرێزێکی لێکدراوە و ئاماژەیە بۆ عروبە و خۆ بە ئەسڵ زانینی عەرەب، حەجاج تکرییتی ئاماژەیە بۆ زوولْم و ستەم.

١-٢- ئاستی دەلالی:

پەیامی ئەم ناونیشانە ئاڵۆزە پەیوەستە بە دوو کارەکتەری دژبەیەکی ڕۆمانەکەوە، یەکێکیان دەیەوێت ئازاری نەتەوەکەی لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا پیشانی جیهان بدات، کە چۆن بەبێتاوان لەناوچوون، کەسێکی بەفر ئاسا وەکو سوهرابی هونەرمەند ئەو تابلۆیە دەنەخشێنێ، بەفر لێرەدا دەلالەتی ( سپێتی و پاگی و بێگەردی نەتەوەیەکە)، کە سوهراب یەکێکە لەو نەتەوەیە، کارەکتەری دووەمیش کەسێکی فاشیست و خوێنمژە بە ناوی (حەجاج تکریتی)، کە دەوێت بەخۆی و ئەسپە عەرەبییەکەیەوە داستانێکی نەمر بۆ بەعسییەکان تۆماربکات.

ئەسپی عەرەبی بەناوبانگە بە سوارچاکی و بەتوانایی و بە وەفایی، لێرەدا ئەسپ دەشێت خودی ئەسپ بێت و ئاماژەیەکیش بێت بۆ بەوەفابوونی حەجاج بەرانبەر بەعسییەکان، وەکو ئەوەی خۆی و ئەسپەکەی تەواوکەریی یەکبن.

لەم ناونیشانەدا مۆزیسیانی بەفر(سوهراب) و (حەجاج) ئاوات کۆیاندەکاتەوە، ئاواتی سوهراب خستنەڕووی تاوانەکانە، بەڵام هی دووەمیان تۆمارکردنی داستانە بە لەناوبردنی نەتەوەیەکی پاک و بێتاوان.

تەواوی ئاماژەکانی نێو ڕۆمانەکە دەردەخەری ئەوەن ( حەجاج) کەسێکە لە ڕووی دەروونییەوە کێشەی هەیە و هەڵگری ڕەق و کینەیەکی زۆرە لەبەرانبەر نەتەوە و کۆمەڵێکی دیاریکراو، واتا کێشەی (نەژادی) هەیە، وەك لە کەسێتی (حەجاج تکریتی)دا دیارە، کە

زۆر ڕقی لە کورد دەبێتەوە. بە پێی لێکدانەوەی دەروونناسی کەسێتی حەجاج، کەسێتییەکی نەخۆشـــە چونکە گرێی هەیە. بۆیە ڕۆمـاننوس هەوڵی داوە، ئەو نـاونیشـــانـانەی بە (حەجاج)ەوە پەیوەستن، ڕەنگدانەوەی دۆخە دەروونییە خوێنمژییەکەی حەجاج بێت.

١-٢ : سیمیۆلۆژیایی بەرگ :

بەرگ لە ســـیمیۆلۆژیادا بنەڕەتێکی تایبەتە و واتای گەوهەری خۆی هەیە و لەگەڵ ناونیشـــاندا یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشـــتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە و پەیوەندی بە ناوەڕۆکی دەقەوە هەیە. بەرگ کۆمەڵێ ئەرکی کارتێکردن و وروژاندن و هەواڵ و گێڕانەوەی پێیە و دەبێت خوێنەر هەندێک لە نهێنییەکانی شـــێوەکاری بزانێت، تاکو بتوانێت دەلالەتەکانی بەرگەکە شیبکاتەوە.

لەســـەر بەرگی ڕۆمانی ســـنووری توێژینەوەکەمان تابلۆیەک کە بەشـــی زۆری بەرگەکەی داپۆشیووە، لەگەڵ ناونیشان و ناوی نووسەر بوونی هەیە. تابلۆکە سێ بەشە، بەشـی سـەرەوەی ڕەنگی (ڕەشـی تۆخە)، بەشـی ناوەڕاسـت تێکەڵییەکە لە ڕەنگی ( زەرد و سپی)، بەشـی خوارەوەی تابلۆکە خۆی لە بنەڕەتدا ( سپی و زەردی کاڵە)، بەڵام دووکەڵی ڕەشـــی لێ بەرز دەبێتەوە. تـابلۆی بەرگی ڕۆمـانی ( ئەنفـال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شــەیتانەکاندا) بریتییە لە تابلۆیەکی (جیدیســلاڤ بگزنســکی*) هەرچەندە ئەم تابلۆیە بۆ مەرگەســـاتی ئەنفال نەنەخشـــێنراوە، بەڵام گوزارشـــت لە مەرگەســـاتێکی مرۆڤایەتی و بێدەنگی هێزێکی باڵادەســـت دەکات، کە هەمان کارەســـاتی ئەنفال و مەرگی بەکۆمەڵ دەگرێتەوە. تابلۆکە ڕەنگی ( ڕەش و ســـپی ) زاڵە بەســـەریدا، وەکو ئەوەی جەنگی نێوان بەرەی ڕەش و بەرەی سپی بێت، لەو نێوەندەدا وێنەی مرۆڤێک لە پشتەوە، کە دەموچاوی دیارنییە شـمشـێرێکی بە دەسـتەوەیە و بە ڕەنگی زەرد نەخشـێنراوە، ڕووناکییەکی بەهێز لە وێنەکەدایە، هەیبەتێکی تایبەتی هەیە، پێی لە زەمین و ســەریشــی لە ئاسـمانەوە نزیکە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ هێز و دەســەڵاتی خودا. ڕەنگە ســپییەکەش وێنەی کۆمەڵێک مرۆڤی

باڵندە ئاســـای پێ نەخشـــێندراوە، کە ئاماژەیە بۆ هەڵفڕینی ڕۆحی ئەنفالکراوان، ڕەنگە ڕەشـــەکەش کە ســـەرەوە و خوارەوەی تابلۆکەی داپۆشـــیووە دەلالەتە بۆ دەســـەڵاتی ڕەشـــی بەعسییەکان، کە تاوانەکەیان ئاسمان و زەمینی خەمبار کرد.

لێرەدا دەبێت ئێمە هەڵوەســـتەیەك بکەین و بزانین ،ئایە زانینی پاڵنەرەکانی پشـــت ئەم تابلۆ دیستۆپییە گرنگە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت هەست بە تراژیدیایی بەرهەمەکە بکات ؟ (جۆرج ســـانتیا ) دەڵێ: ((لە هەموو دەربڕینێك دەکرێ جیاوازی لە نێوان دوو شـــت بکەین ،یەکەمیان : ئەو بابەتەیە کە بە مادە پێشکەشکراوە ،دەربڕین و وێنەکەیە، دووەمیان :ئەو بابەتەیە کە تەعبیری لێکردووە و ئەو فیکرەیە یە دەیەوێت بیگەێنێت یان پێوەی پابەندە و پەیوەندی لە نێوانیان هەیە ،یاخود ئەو هەســـــتەی لە ڕێگای بەرهەمەکەوە وروژێنراوە)) (١٥).واتە ئێمە بۆ ناسینی تابلۆکە پێویستە بزانین ئایە ئێمە درکمان بە مەرگەساتی ئەنفال لە چی ئەم تـابلۆیەدا کردووە، ئـایە لە خودی وێنەکە ،یـان لە هونەرمەنـدێتی و توانـای داهێنانی هونەری وێنەکێشـەکەیە!؟ ،یان لەدابەش بوونی ڕەنگەکان و تاریکی و ڕووناکی نێو وێنەکەیە!!!؟

بەهای هەر ڕەنگێك لە کەســـێکەوە بۆ کەســـێکی دیکەو لە نەتەوە و کلتورێکەوە بۆ نەتەوە و کلتورێکی دیکە دەگۆڕێت ،بۆیە شـــەرت نییە لای وەرگر تەنیا کەناڵی ڕەنگەکان هۆکاری وروژاندنی هەســـتی تراژیدیا ببینێ، دەکرێ وێنە زەرد و ســـپییەکە کە لەشـــێوەی مرۆڤ دەچێت بەڵام ڕوخســـاری دیار نییە، یان شـــمشـــێرەکەی دەســـتی، یاخود هەڵفرینی ڕۆحی ئەنفالکراوەکان کە تێدا دەرکەوتوون ....هتد لە هەموو شت زیاتر هەستی تراژیدی لای ئێمە بورژێنن ، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێك پێوەر و خاڵی کاریگەرن بە پیێ ڕوانینی وەرگرەکان و گۆشەنیگای تاکەکان دەگۆڕێ.

(أ.و.سلیغل ) پێی وایە :((کە هەموو بەرهەم ونمایش و بینراوێکی مادی لە سەرەتادا شتێکی زاتییەو لە ناو مێشکی هونەرمەندایە و لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەست و سۆز و هەڵچوونەکان وزەیەك دروســـت دەبێت و لە ئەنجامدا ئەم هزر و هەســـت و ســـۆزانە لە ڕێگای جوڵە و مۆسیقا، یان وێنە یان نووسراوێك تەعبیری لێ دەکرێ)) (١٦)،بە پێی ئەم بۆچوونە بێت تابلۆکەی (جیدسلاڤ) دەبێت لە ئەنجامی وروژاندن و هەڵچوونێکی هەستی و ســـۆزی دەربڕینێکی تایبەتی هونەرمەندەوە هاتبێتە بەرهەم ،واتا بە پلە یەك مەرگەســـاتی

ئەم تابلۆیە لە تراژیدیایی هەستەکانی هونەرمەندا بەرجەستە بووە ودواتریش لە وێنەکەدا ،هەموو ئەم تراژیدیایە وەرگر درکی پێدەکات و کاریگەری لە سەر وەرگر دەبێت.

لە تابلۆکەی (جیدیسلاف)دا خاڵێکی دیکەش هەیە ،کە خاڵێکی زۆر سەرەکییە وبەدەر لە خودی تراژیدی تابلۆکە ،کە کاریگەری لە سەر وەرگرەکان هەیە، ئەویش ئەو ژینگەیەیە ،کە بەرهەمەکەی تێدا پەیدابووە، هەروەها ئەو چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی، کە چیرۆکی وێنەکە دەریدەبڕێ و پەیوەندی نێوان چیرۆکی تابلۆکە و وەرگرتنی ئینتباعی پێش وەخت لە سەر مەرگەسات و ڕەشبینی و بەهاو نرخی تابلۆکە.

بە گشتی وەرگرەکانی (ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شەیتانەکاندا) وەکو تابلۆ و وەکو ڕۆمانیش درکیان بە مەرگەساتی ئەنفال کردووە، بە بۆچوونی ئێمە و لە ڕێگەی ئەو بیروڕایانەی ئاماژەمان پێکرد ،گەیشتینە ئەوەی کە درککردن بە تراژیدیایی تابلۆکە لای تاکی کورد تەنیا درککردنە نییە بە هونەرمەندی تابلۆکە ،بەڵکوو پاڵنەری درکپێکردن بە عاتیفەی وەرگرەکانە پەیوەستە لەبەرانبەر ئازاری ئەنفالکراوان و هێزی خودا و چاوچنۆکی شەیتانەکانی بەعسەوە.

ئەنجام

١- ناونیشان توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە و بە کۆدی یەکەمی دەق دادەنرێت، وەرگر لە ڕێگەی ناونیشانەوە دەتوانێت زانیاری سەرەتایی، یاخود زانیاریی تەواوی لەسەر ناوەڕۆک هەبێت، بە پێی دەلالاتی ناونیشانەکە. ( ئەنفال لەئێوارەخوانێکی خودا و شەیتانەکاندا) دەلالەتی فراوان لەسەر ناوەڕۆکە دەبەخشێت و چیرۆکی مەرگەساتی نەتەوەیەک و جەلادی هێزێک دەردەخات، هێزی خوداش لەو نێوەندەدایە.

٢- ناونیشانە لاوەکییەکان یارمەتیدەری وەرگرن لە شیکردنەوەی بابەتەکەدا، لەو ڕۆمانەشدا ناونیشانە لاوەکییەکان ئاماژەی ڕاستەوخۆن بۆ بابەتەکان، وەک ئەوەی بەخوێنەر بڵێن چیرۆکی ئەو تەوەرە لەسەر ئەو بابەتەیە، لە هەمان کاتدا دەلالەتی ئیستاتیکیش لەخۆدەگرن و پەیوەستن بە بارودۆخی ژیانی کارەکتەرەکانەوە.

٣- بەرگ دەروازەیەکە بۆ ناسینی بابەت و دەبێت تەواوکەری ناوەڕۆک بێت، ئەوەی یارمەتی دەدات لەشیکردنەوەی تابلۆی بەرگدا، شێوازی نووسینەکانی سەر بەرگەکە و ڕەنگەکانە، کە ئاماژەکانی پشت تابلۆکە بە پێی ڕەنگەکان و تۆخی و کاڵی ڕەنگەکان

دەگۆڕێت. لە ڕۆمانی (ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا وشـــــەیتانەکاندا) تابلۆی بەرگ و ناوەڕۆک تەواوکەری یەکن و چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕەنگە تۆخ و کاڵەکان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە ئاماژەکانی تابلۆکە و گوزارشت لە مەرگەساتی نەتەوەیەک دەکەن.

## المصادر

1- عدد من المؤلفين : سيماء براغ للمسرح، دراسات سيميائية، ترجمة ادميركورية، منشورات وزارة الثقافة، سوريا ١٩٩٧، ص٣ .

٢- بەسام قطوس: دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: محمد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١ ، ل٢٤٥-٢٤٦.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٢ .

٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٣ .

٥- عبد المجيد العابد : التحليل السيميائي لرواية ( اللص والكلاب ) لنجيب محفوظ ،دائرة الثقافة والاعلام ، الشارقة ، ٢٠١٣ ، ص١٧.

٦- انه ماری دینەسن : نشانه شناسی، ترجمان : مظفر قهرمان، نشر پرسش، نویت چاپ چهارم، ابادان، ١٣٨٩، ص١٦ .

٧- کەمال مەعروف: تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١٥ .

٨- هەمان سەرچاوە، ل١١٤ .

٩- محمد ضمیران. در امدی بر نشانه شناسی هنر، چاپ دوم، نشر قصه، تهران،١٣٨٣،ص٨.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٩ .

١١- ئارام سدیق : ناوونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٣.

١٢- سەرباز مەجید خۆشناو : سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ،٢٠١٩، ل٥٠.

١٣- ئارام سدیق: ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، ١٧.

١٤- قاسم المقداد : تفكرات سيميائية، اليات انتاج الدلالة و المعنى، دار نور الصباح، الطبعة الاولى ، سورية، ٢٠١٣، ص٢٧٤ .

*جیدیسلاڤ بگزنسکی: نیگارکێش و فۆتۆگرافەر و پەیکەرتاشی دیستۆپی پۆڵەندی لە ساڵی ١٩٢٩ لە دایک بوو، بگزنسکی شێوازی ( بارۆک یان گۆتیک) ی بە کارهێناوە وەک ئەوەی لە تابلۆ و وێنەکێشانەکانیدا باسی کردووە . وەکو هونەرمەندێک سەرسام بووە

بە مردن وتاریکی وخەم و هەر شتێک کە دژی بەختەوەری بێت ، سەیرترین شت کە بە درێژایی مێژوو لە هونەرمەندانی دیکەی جیادەکردەوە ، ئەوە بوو کە بەتوندی ڕەتیدەکردەوە باسی تابلۆکانی بکات و هیچ ناونیشانێکی بە تابلۆکانی نەداوە . لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٥ لە نێو شوقەکەی خۆیدا لە (وارشۆ) لە لایەن کەسێکی ناسیاوی خۆیەوە بە چەقۆ کوژرا . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : Youssef aabou (فنان بولندي زار الجحيم وعاد ليرسم ماشاهده )، في ٢٦ / یۆنیۆ / ٢٠٢٢ . https://misaha.com

١٥- عبدالحليم كرام : محاظرات في علم الجمال ٢٠٠٦. تم استرجاع من الموقع بتاريخ ١٧ / ٧/ ٢٠٢٣ .http//ens.constantine-dz

١٦- كلود عبيد :جماليات الصورة في جدلية العلاقة بين الفن التشكيلي والشعر ،الطبعة الاولى.بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ٢٠١٠، ص١٥.

## سەرچاوەکان

یەکەم// بە زمانی کوردیی :

١- ٠ئارام سدیق : ناوونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢- بەسام قطوس: دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: محمد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١ .

٣- سەرباز مەجید خۆشناو : سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ،٢٠١٩.

٤- کەمال مەعروف: تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠١٢.

دووەم // بە زمانی عەرەبی :

٥- عدد من المؤلفين : سيماء براغ للمسرح، دراسات سيميائية، ترجمة ادميركورية، منشورات وزارة الثقافة، سوريا ١٩٩٧.

٦- عبد المجيد العابد : التحليل السيميائي لرواية ( اللص والكلاب ) لنجيب محفوظ ،دائرة الثقافة والاعلام ، الشارقة ، ٢٠١٣ .

٧- قاســـم المقداد : تفكرات ســـيميائية، اليات انتاج الدلالة و المعنى، دار نور الصباح، الطبعة الاولى ، سورية، ٢٠١٣.

٨- كلود عبيد :جمـاليـات الصـــورة في جـدليـة العلاقـة بين الفن التشـــكيلي والشعر،الطبعة الاولى.بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ٢٠١٠.

سێيەم // به زمانى فارسى :

٩- انه مارى دينەسـن : نشـانه شـناسـى، ترجمان : مظفر قهرمان، نشـر پرسـش، نويت چاپ چهارم، ابادان، ١٣٨٩.

١٠- محمد ضـميران. در امدى بر نشـانه شـناسـى هنر، چاپ دوم، نشـر قصـه، تهران،١٣٨٣.

چوارەم : سايتەكان :

١١- عبدالحليم كرام : محاضرات في علم الجمال .٢٠٠٦ تم اســترجاع من الموقع http//ens.constantine-dzبتاريخ ١٧/ ٧ / ٢٠٢٣

١٢- Youssef aabou (فنان بولندي زار الجحيم وعاد ليرســم ماشـاهده )، في ٢٦ / يۆنيۆ / ٢٠٢٢ . https://misaha.com

## الملخص:

يختص هذا البحث بدراســة ســيميائية العنوان و الغلاف في رواية ( انفال في مأدبة العشاء بين الله و الشياطين) للكاتب (حسين سوران)، ومن اجل تحقيق هذا الهدف قسمنا عملنا البحثي الى فصلين، أولهما خصصناه للجانب النظري المتصل بسيميائية العنوان، ركزنا فيه على الاطار المتعلق بالسـيميائية و سـيميائية العنوان، و القسـم الثاني من هذا البحث مختص بالجانب التطبيقي قمنا فيه ابتداء بالوقوف على ســـيميائية العناوين و تحليل العناوين الرئيسية والفرعية في الرواية وفق المنهج السيميائي و الوصفي – التحليلي و بعدها تم شــرح مفصــل لعتبات النصــية الخارجية للكتاب، اي الغلاف، وشــرح لوحة الغلاف و الاسـتفادة من لغة الالوان و الاشـارات . وفي نهاية البحث توصـلنا من خلالها ان العناوين لم تأتي بشـــكل اعتباطي، بل انه ســـعى الى التوفيق بين الغلاف و العنوان والمحتوى، عمل فكره و تحرى العلمية و الدقة اللغوية لتكون عناوينه بهذا الشـــكل من الشفافية لتعكس مضامين الرواية و موضوعتها .

## Abstract:

This research is concerned with studying the semiotics of the title and cover in the novel (Anfal at the Dinner Between God and the Devils) by the writer (Hussein Soran). In order to achieve this goal, we divided our research work into two chapters, the first of which we devoted to the theoretical aspect related to the semiotics of the title, in which we focused on the related framework. Semiotics and the semiotics of the title, and the second section of this research is concerned with the applied aspect, in which we began by examining the semiotics of the titles and analyzing the main and subtitles in the novel according to the semiotic and descriptive-analytical approach, and then a detailed explanation of the external textual thresholds of the book, that is, the cover, and an explanation of the cover plate. And benefit from the language of colors and signs. At the end of the research, we concluded that the titles did not come randomly, but rather he sought to reconcile the cover, the title, and the content. He made an idea and investigated scientific and linguistic accuracy so that his titles would be in this form of transparency to reflect the contents and theme of the novel.